www.kurdistannet.org
3-2-2006 21:16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تابۆری پێنجی دەسەلات و حکومەتی هەرێمی هەتاهەتایە ساوا و بارودووخەکانی هەستیار و ناسک!!! ... هیشام ئاکرەیی

akreyii@gmail. com

بە مەبەستی ڕێگا گرتن لە ڕەخنەگرتن و گلی و گازندە و داواکاری بۆ دروست کردنی گۆڕانکاری لە سیستەمی بەڕێوەبردنی کوردستاندا، هەروەها بەمەبەستی بە ڕەوا ناساندنی گەندەڵی و دزیەکان و بەردەوامیی بەپرسیاران (1) لە پۆستەکانیان و کارەکانیان، دەبینین هەندێ کەسانی دەستنیشان کراو چەند بیانۆیەکیان دۆزیوەتەوە و دەیانەوێت هەتاهەتایە بەو بیانۆیانە خەڵکەکە ڕازی بکەن و ناچاریان بکەن بێ دەنگ بن و چاوەڕێ بکەن تاوەکوو چەند دەسەڵاتدارێك بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ چاودێری کوردستان و حکومەت ڕووت بکەنەوە.
لێرەدا دوو بیانووی ئاسایی دەخەمە ڕۆ. یەکەمیان ساوایی و کەم تەمەنی حکومەتی کوردستان و دووەم بیانووی بارودووخی ناسکی باشووری کوردستانە. ئەوە جگە لە بیانووی شاری کەرکووك کە هەر خۆیان دەیانەوێت درێژە بەو کێشەیە بدەن ساڵەکان بۆ جێبەجێ نەکردنیی زیاد دەکەن.
لێرەدا پرسیار دەکەم: ئایە ڕاستە حکومەتی کوردستان ساوایە؟؟؟ و ئایە ڕاستە بارودووخی کوردستان ناسکە؟؟؟
لەوڵامدا بەپێ سێ و دوو دەڵێم، نە حکومەتی کوردستان ساوایە و نە بارودووخ ناسکن و لە درێژەی مێژووی کوردستاندا بارودووخ ئەوەندە لەبار نەبوونە. ئێمە حکومەتێك یان دوو حکومەتمان هەن تەمەنیان 15 ساڵە. و ئەکەر بوترێت ئەو دوو حکومەتە یەکگرتوو نەبوون ئەوە لە وەڵامدا دەڵێم، پارتی و یەکێتی بە ئیرادەی خۆیان دوو حکومەتیییان هەڵبژارد. لە لایەکی ترەوە ئەگەر سەیری وڵاتانی تر بکەین دەبینین، لە ماوەی 15 ساڵدا قیامەتێ شتیان کردوە...
هیتلەر لە 4 ساڵدا شەڕی جیهانی دروست کرد و ئەڵمانیانی بردە ئەو ئاستەی ئەو شەڕە بکات. . لە ڕۆسیا یەکێتی سۆڤیەت لە 13 ساڵدا بۆ بە هێزی دووەمی جیهان. . لە عێراق سەدام حسێن بۆ بەو هێزەی دەزانین چوون بوو. . هەروەها بۆسنە بۆ دەوڵەت و کوێت خۆی ئاوەدان کردەوە و زۆر نموونەی تر. کەواتە مەسەلە کات و وەخت و ساوایی نییە. . من دەڵێم تا 15 ساڵی تریش دەسەڵاتدارانی کورد هەر دەڵێن حکومەتەکەمان ساوایە. . چونکە ئەوان نایانەوێت ئەو حکومەتە گەورەبێت و گەورەش ناکەن چونکە مەسەلەی ساوایی حکومەت قەوانەیەکە بۆ خەواندن و لەسەر ڕێ بردنی جەماوەر وایان لێ بکەن داوای گۆڕانکاری نەکەن و دەمیی بگرن.
سەبارەت هەستیاری بارودووخەکە دەڵێم: تاوەکوو ئێستا ڕۆینەداوە هێزێکی وەك ئەمریکا لە ناوچەکە بێت و ڕێگا نەدات نە ئێران و نە تورکیا و نەش سوریا دەستکاری باشووری کوردستان بگەن. هەروەها عەرەبی شیعە و سوننە شەڕیانە و ڕێکەوتنیشیان گەلێ زەحمەتە. کەواتە هیچ ناسکەیەك نییە لە بارودووخەکەدا. بارودووخی کوردستان بەر لە ڕۆخانی سەدام ناسك بوو. دەسەڵاًتدارانی کوردستان دەیانەوێت ناسکی پێش 5 ساڵ ئێستاش لەسەر جەماوەری کوردستان بکەنە ماڵ و بەو بیانوویەش بێ دەنگیان بگەن.

ئێستاکە 5 ملیار دولار سالانە لە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان، لە کاتێکدا جاران تەنیا پارەی کومرکەکان بوو و لەگەڵ بەشی بڕیاری نەوت بەرامبەر بەخوراك. ئێستاکە سەدان کەمپانیای بیانی لە کوردستان هەن و بە دەیان مەلیۆن دولار لەوێ بەکار دێنن. ئێستاکە وەك ئەوان دەڵێن سەرۆکی عێراقیی کوردە و کوردستان بەڕەسمی ئیعتراف پێ کراوە. ئێستاکە هەرێمی کوردستان لە ناو دەستووری عێراقدا ئیعتراف پێ کراوە. باشە زیاتر لەو دڵنیاییە چی تر هەیە. هەلبەتە ئەوە لەڕۆی ئیدارەییەوە.

ئەکەر بێینە سەر لای سیاسی کێشەکە، دەبینین، خودی دەسەلاتدارانی کورد نایانەوێت ئێستاکە کێشە سیاسیەکان بخرێنە ڕۆ و ئەو کەسانەی باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن دەمکوت دەکرێن. ئەو بەرگریەی دەسەلاتدارانی کورد لە یەکگرتووی خاکی عێراق دەکەن، شیعەکان نایکەن. دەسەلاتدارانی کورد لە پێناو عێراقێکی یەکگرتوودا ئامادەن لە گەڵ عەرەبی سوننە و شیعە ڕێبکەون، کەچیی خودی شیعە و سوننەی عەرەب ئامادەنێن لە پێناو یەکگرتووی عێراقدا ڕێ بکەون.

لێرەدا دەکەینە ڕاستیەك ئەوەیش، چوونی دەسەلاتی کوردیە بۆ کونسەرڤەتیڤ بوون لە کاتێکدا هێشتا مافەکانی گەلی کورد لە دورست بوونی ولاتێکدا بەدێ نەهاتوون. چوونی دەسەلاتی کوردستان بۆ کۆنسەرڤەتیڤ بوون واتای ئەوەیە کە تەمەنی گەوەبووە و گەیشتۆتە ئاستێك کە دەیەوێت ئەوەی هەیەتی بپارێزێت، نەك هێشتا ماف بەدەستەوە بێنێت و هەوڵ بدات گۆمەڵگایەکی ئازاد بۆنیاد بنێت.

لای هەموو کەسێك ئاشکرایە بیری کونسەرڤەتیڤ دژی دورستکردنی گۆڕانکارییە و هەوڵ دەدات گۆمەڵگا و یاساکان وەك خۆیان بمێننەوە و هەندێ جار مەیلی ئەوەی تیدایە کۆمەڵگا بەرەوە دواوە ببات. چۆنی گۆمەڵگاکان بەرەوە سیستەمی کاپیتالیزم و سەرمایەداری، گۆڕانکاری لەو فکرەیەشدا دروست کرد، بەلام سنووری گۆڕانکاریی پەیوەندی بەو سیستمەوە هەیە کە لە ولاتەکەدا پەیادە دەکرێت. لە کۆمەڵگاکانی پێشەسازیدا، کونسەرڤەتیڤ مانای کاپیتالیزمە و لە ناوەڕۆکیدا هەوڵ دادات دەسەلاتی سەرمایە سەروەربێت.

ئەگەر بیری کونسەرڤەتیڤ لە ژێرخانی ئابووریدا هاوواتابێت لە گەڵ سەرمایەداری، ئەوە لە سەرخانی ئابووریدا یان لەڕۆی بیروباوەڕەوە، هەوڵ دەدات ئەو شت و سیستەمەی هەیە، بەردەوام بێت و ڕێگرە لە بەردەم گۆڕانکاریە مرۆڤایەتی و شۆڕشگیریەکان. ڕیفۆرمی ئابووری سەرمایەدارانە و زالبوونی فکری خۆویستی و ڕێزگرتن لە سەرمایە لە گۆمەڵگادا دەسەپێنێت.

ئەگەر بیری کۆنسەرڤەتیڤ لە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری خاوەن یاسادا ئەو مانایە بدات، ئەوە کۆنسەرڤەتیڤ لە کۆمەڵگایەکی وەك کوردستان، کە بە شێوەیەکی ئاسایی بەرەو سەرمایەداری ناڕوات و یاسا سەرمایەدارییەکانی پێگەیشتوو نازانێت، ئەو بیرۆکەیە بەبێ نەخشە و یاسا هەوەڵ دەدرێت جێ بەجێ بکرێت.

بەو مانایە کۆنسەرڤەتیڤی باشووری کوردستان لە ئاستێکی نزمدا هەوڵ دەدەرێت جێبەجێ بکرێت، تیایدا دەستەیەك، نەك چینی سەرمایەدار هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی نایاسایی گۆمەڵگا و دەسەلات کونترۆڵ بکات. لە کاتێکدا کۆنسەرڤەتیڤ لە ولاتە سەرمایەداریەکاندا هەوڵ دەدات ئازادی کار و سەرمایە بۆ جینی سەرمایەدار بە شێوەیەکی گشتی دابین بکات. دەتوانین بڵێین دەسەلاتی کوردستان بەر ئەوەی پێبگات، بەرەو کۆنسەرڤەتیڤی ڕۆیشت و وەك بڵێی هەموو دەسەلاتیان لەدەستە لە بەرزترین ئاستان و دەیانەوێت سیستەمی

بەڕێوەبردن وەك خۆی بمێنێت و بۆ ئەوە مەبەستەش كۆمەڵێ دەستەواژەی نەتەوەیی بەرز دەكەن كە كاتیان بەسەرچووە و بۆ هەمان مەبەست چەند دەستە و گرۆپیان تەرخان كردوە و لە سەرووی هەموانیشەوە ڕاگەیاندی ڕەسمی ئەو پارت و ڕێكراو دەسەڵاتەیە. دەتوانین بڵێین هەر كاتێك دەسەلات بەشێوەیەكی سستماتێك هەوڵ بدات خەڵك لە ژیانی سیاسی دوور بخات و جەماوەر لەسەر ڕێ ببات، ئەو كاتە دەزانین كە ئەو دەسەڵاتە لە گەندەڵیدا خەریكە دەخنكێت و ناتوانێت هەنگاو بەرەو پێش بنێت.

لە حاڵەتێكی ئاواییدا دەستەواژەكان بێ مانا و ناوەڕۆك دەمێنن و استیەكان لای جەماوەر زەلال دەبن چونكە كردەوەكانی دەسەلات دەبنە كیتابێكی كرایەوە و جەماوەر ئاشنای فێڵەكانی دەسەلات دەبێت. بە هیچ شێوەیەك چوونی هاولاتیان بەرەو سندۆقەكانی دەنگدان واتای دیموكراسی نادات. لە كاتی سەدام و چەندین دكتاتوورەكانی تری جیهانیشدا، خەڵەك بەرەو سندۆقەكانی دەنگدان ڕۆیشتوون. لە ئێران دەیان ساڵە خەڵك دەنگ دەدات و سەرۆك و حكومەت هەڵدەبژێردرێن، بەڵام هەموومان دەزانین لە ئێران دیموكراسی نییە، چونكە دەبێ ڕێگا بە ئازادیە دیموكراتیەكان بدرێت و هاوكاری ڕێكخراوەكان بە پێی ژمارەی ئەندامان و ماف بێت.

لە باشووری كوردستانیش بەهەمان شێوەی ئێران هاوكاری ڕێكخراوەكانی سیاسی و كۆمەڵگای مەدەنی ناكرێت بێ ئەوەی پەیوەندی بەوانەوە بێت وچاو لە هەڵەكانی دەسەلات نەپۆشێت و هەتتا پارتە سیاسیەكان ناوێرن ئازادانە ڕەخنە لە دەسەلات بگرن. كەواتە دەسەڵاتدارانی كوردستان دژی ئازادی ڕاستەقینەن و لە دەسەلات و دەستكەوتە كەسایەتیەكانی خۆیان دەترسن و بۆیە بەرەو كۆنسەرڤەتیڤ بوون ڕۆیشتن. نەك تەنیا ئەوە بەڵگوو لە بیری كونسەرڤەتیڤدا چەواشەكردنی جەماوەریان هەڵبژاردووە و پەیادە دەكەن و هەوڵ دەدەن بە وشەی ساوایی حكومەت و هەستیاری و ناسكی باردووخەكە بەردەوام بن لەسەر گەندەڵی و ساختەكاری لە جەماوە.

تاوەكوو جەماوەر سەروەت و سامانی دەسەڵاتداران و گەندەڵی ڕۆژانە بە چاوەكانی خۆیان ببێنن و تاوەكوو جەماوەر ئاشنای ئەوە بێت كە چەندین دەسەڵاتدار جاران هیچیان نەبووە و ئێستاكە بە مەلیۆن دۆلار و دەفتەر و بلۆك قسەدەكەن، بە هیچ شێوەیەك قسەی تابۆری پێنجی دەسەلات ناتوانێت جەماوەر لەسەر ڕێ ببەن. هەر لەبەر ئەوەش دەسەڵاتداران دەیان ڕۆژنامە و كەناڵیان تەرخان كردوە بۆ ئەوەی سەروەت و سامانی دەسەڵاتداران لە بیری جەماوەر ببەنەوە. بەڵام هەموو خەڵكی كوردستان دەزانێت نە بارودووخ ناسكە و نەش حكومەت ساوایە. ئەگەر شتێك هەبێت ناسك بێت، ئەوە بارودووخی هەندێ دەسەڵاتدارە كە جێتر پێیان ناكرێت گەندەڵیەكانیان بشارنەوە.

(1) لە بابەتەكەدا دەستەواژەی بەپرسیاران بە شێوەیەكی كۆ بە كارهێنراوە، بەڵام مەبەست تەنیا ئەو دەسەڵاتدارانەن كە ئەو كارانە دەكەن، دڵنیام كە گەلێ مرۆڤی بەڕێز لە ناو دەسەڵاتدا هەن كە دەیانەوێت خزمەتی گەلی خۆیان بكەن. هەلبەتە ئەوانەی ئەو كارانەش دەكەن باش خۆیان دەناسن و پێویست ناكات ناویان بهێنرێت.